

# گۆرانییەکی پیڵەنگ

مەهاباد قەرەداغی

ئەگەر پێت وایە بێدەنگم
ئاوازێ بۆ ئەم ئەوینە ناسازێنم!
یان پێت وابێ لە ئاسمانی گۆرانیمدا
بۆ بوژانەوەی دێبەری سۆزەکانت..
هەورم نییە و.. مرواریت بۆ نابارێنم!



گەر وا دەزانی شەوانە
لە تریفەی مانگ جۆلانێت بۆ چێ ناکەم
وشکەسۆز و وشکەسۆفیم..
نامەیەکی پڕ عەشقت بۆ بەڕێ ناکەم



پێ دەچێ گومانت هەبێ لە بوونی هەمیشەیی خۆت
لە ناو چوارچێوە و تانوپۆم !
یان بترسی پێ نەزانم لە تووانەوەی مۆمئاساتت
لە ناو کلێشەو ڕۆحی خۆم!

گەر دەپرسی بۆ لە ناو تۆنی دەنگمدا ئاوا ونی
لە نازی ئاوازمدا خۆت بەدی ناکەی
یان دەپرسی بۆ شەرمنی
ساباتێکم لە سێبەری دڵی خۆتدا بۆ چێ ناکەی؟



گومان مەکە لە بێدەنگیم..
کاتێ مەیلی سترانەکانم ناناسی
شک مەکە لە چرکەیەکی بێ ئاوازی
تەنانەت لەو ساتانەش
کە نە دڵداریت لەگەڵ دەکەم ، نە وازی؟



ئەو ساتانەی کە هەست دەکەم گەردوون بچووکە بۆ فڕین،
کە دەڕوانم،بەسۆزترین ، بەسۆزترین ئاوازیش کەمە بۆ چڕیین؟
بێدەنگ دەبم؟

ئەو کاتانەی کە دڵنیام پێناسەیەک
نایگرێتە خۆی ئەوینم
شوێنێکی دڵنیا نییە .
تا لێی چێ کەم ساباتێ بۆ خەوبینینم
بێدەنگ دەبم؟



ئەو کاتانەی هەموو ترپەیەکی دڵم
ناوت دێنێ
لێناگەڕێ گوێیەکانم نەوایەکی تر ببیستێ
ئەو ساتانەی، ئاوریشمی سۆزت هەردووچاوم دەبەستێ
بێدەنگ دەبم؟

ئەو ساتانەی لە گەردوونێکی تەزیووا
لە ژووری گلارەی چاوت دەمخەوێنی
سۆمات دەکەیتە سەرین و، بە بینایيت دامدەپۆشی
تا وەنەوز دەمگرێ بە چرپەی پەمەیی دەمدوێنی
چاولێک دەنێم.. بێدەنگ دەبم!



کە پڕ دەبم لە شانازی
چونکە ڕادەی عەشقی هەموو خەڵکی گەردوون
ناگاتە نیوەی ئەڤینم
کە لە ئاوێنەی نیگای تۆ
خۆم وەک دەگمەنترین تاقانە دەبینم
بێدەنگ دەبم!



ئەو کاتانەی کە لە هیچ شوێنێ نامبینی
سووک بڕۆ تەماشایەکی دەریا بکە !
دەریا دەڵێی ئاوێنەیە
کە دەنگی من لە بەر گوێتدا بزر دەبێ
گوێ لە ترپەی دڵت بگرە
دڵ پیشانگای سۆز و هەستە ، ئەلبوومی دەنگ و وێنەیە !

هیچ وەک بێدەنگی جوان نییە ، لە ئەڤیندا!
کاتێ هیچ پێوەرێ نەبێ
بۆ پێوانەی ڕادەی ژانی، ڕادەی زامی
هیچ لە گۆرانی بێدەنگی خۆشتر نییە !
کاتێ هیچ نەوایەک نەبێ بۆ گەیاندنی پەیامی!

عەشقمان لە تاراوگە دەچێ

کوردستان هاتووه و پەنای بۆ هێناوه
تا لەوە زیاتر ئازاری بەرنەکەوێ
لە جێیەکی کەسنەدیدەی گۆشەی دڵ حەشارمان داوە!



زۆر دەترسم گەر بێمە دەنگ
لە چاوی گۆرانییەکی عاشقمدا
پەناگەی نهێنی تۆ و کوردستان ئاشکرابکەم
زۆر دەترسم، بێن لە لووتکەی کێوی عومرم داتانگرن
خۆیشم ڕوو لە فەنا بکەم



وام پێ چاکترە وەک ئێستا، لە داهاتوویش
هەتا تینی هێز و سۆز و عەشقم مابێ
سترانی بێدەنگی بچڕم!
جاویدانە خۆشم بوێن!
بۆ ژیانەوەتان بژیم، بۆسەرفرازیتان بمرم!

2003/11/01

ستۆکهۆڵم